# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## ئەو رۆژەی ماڵەوەم بە جێهێشت بۆ مەبەستی چوونە شار

Skriven av: Lesley Koyi, Ursula Nafula
Illustrerad av: Brian Wambi
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.sv

# ئەو رۆژەی ماڵەوەم بە جێهێشت بۆ مەبەستی چوونە شار




Lesley Koyi, Ursula Nafula
Brian Wambi
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 3




وێستگەی بچووکی پاسی گوندەکەی ئێمە، قەرەباڵغ و پڕ لە
پاس بوو. لەسەر زەویەکە شتی زۆری لێ بوو کە دەبوایە
بار کرابان. شاگردی شوفێرەکان بە دەنگی بەرز ناوی ئەو
شوێنانەیان دەگوت کە پاسەکان بۆی دەچوون.




گوێم لە دەنگی شاگردشۆفیرێك بوو کە هاواری دەکرد:
“شار !شار! بەرەو ڕۆژئاوا!” ئەوە ئەو پاسە بوو کە من
دەبوایە سواری بم.




ئەو پاسەی بۆ شار دەچوو خەریك بوو پڕ بێ، بەڵام خەڵكەكە هەر پاڵیان بە یەكترەوە دەنا بۆ ئەوەی بێنە ژوور و سوار بن. هەندێك بارەكانی خۆیان خستە ناو سندووقی ژێر پاسەكە. هەندێكیشیان هێنایانە ناو پاسەكە و لەسەر ڕەفەی ژوورەوەیان دانا.





ئەو پاسەی دەگەڕایەوە بە خێرایی پڕ بوو. گرنگترین شت ئێستا بۆ من ئەوە بوو كە بە دوای ماڵی ماممدا بگەڕێم.




گەشتیارە نوێیەکان بلێتەکانیان بە توندی لەناو دەستیان گرتبوو و لەناو پاسە قەرەباڵغەکەدا بە دوای شوێنێکدا دەگەڕان کە لە سەری دانیشن. ئەو ژنانەی کە منداڵی چکۆلەیان پێ بوو، هەوڵیان دەدا شوێنێکی گونجاو بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن بۆ گەشتە دوورەکە.






نۆ کاتژمێر دواتر، بە دەنگێکی بەرز وەخەبەر هاتم کە بانگی گەشتیارەکانان دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکەم. منیش جانتا چکۆلەکەم هەڵگرت و لە پاسەکە هاتمە خوارێ.



من بە زۆر شوێنی خۆم لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە کردەوە. ئەو کەسەی لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، کیسەیەکی لایلۆنی سەوزی بە توندی لەناو دەستدا گرتبوو. ئەو نەعلەکی کۆنی لە پێدا بوو، چاکەتێکی کۆنی لەبەردابوو، ئەو پەشۆکا دیار بوو.





لە رێگا توانیم نێوی ئەو جێگایەی شارە گەورەکە لە بەر بکەم کە مامم لێی دەژیا. لە بەر خۆوە قسەم کردن، هەتا خەوم لێکەوت.



تەماشای دەرەوەی پاسەکەم کرد و زانیم خەریکە دێیەکەم
بە جێ دێڵم. ئەو جێگایەی کە تێیدا گەورە ببووم. من
دەچوومە شارێکی گەورە.





بەڵام بیرم هەر لە لای ماڵەوە بوو. ئایا دایکم سەلامەت
دەبێ؟ ئایا دەتوانم هیچ قازانجێك لە کەروێشکەکانم
بکەم؟ ئایا براکەم لە بیری دەبێ دارە ساواکانم ئاو بدات؟



هەموو کەلوپەلەکان بار کران و گەشتیارەکانیش لە شوێنەکانیان دانیشتن. دەستفرۆشەکان هێشتا بە پاڵەپەستۆ دەهاتنە ناو پاسەکە، بۆ ئەوەی شتەکانیان بە گەشتیارەکان بفرۆشن. هەموویان ناوی ئەو شتانەیان دەگوت کرد کە بۆ فرۆشتن پێیان بوو. من پێموابوو ئەو وشانەی گوێم لێبوون، زۆر سەیر بوون.





هەرچی سەفەرەکە بەرەو پێشەوە دەچوو هەوای ناو پاسەکە زۆر گەرمتر دەبوو. من چاوەکانم داخست و بەو هیوایەی خەوم لێ بکەوێت.



هەندێك لە گەشتیارەکان خواردنەوەیان کڕی، هەندێکیشیان چەرەساتیان کڕی و دەستیان بە خواردن کرد. ئەوانەی پارەیان نەبوو، وەکوو من، تەنیا تەماشایان دەکرد.





کاتێك کە پاسەکە وێستگەکەی بە جێهێشت، من لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم کرد. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا جارێکی دیکە دەتوانم بۆ گوندەکەم بگەڕێمەوە.




ئەو جموجۆڵانە بە لێدانی هۆڕنی پاسەکە کۆتاییان پێ هات، کە ئەوە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە ئێمە ئامادەین بۆ ڕۆیشتنین. شاگرد شوفیرێك هاواری کرد کە دەستفرۆشەکان دەبێ بڕۆنە دەرەوە.





دەستفرۆشەکان پاڵیان بە یەکترەوە نا بۆ ئەوەی لە پاسەکە بچنە خوارەوە. هەندێکیان باقی پارەکانیان بە گەشتیارەکان دایەوە. هەندێکیشیان لە کۆتایی کات هەوڵیان دا شتی زیاتر بفرۆشن.